# گردی مەسولەكان

### بەهات حەسیب قەرەداخی

## دروستكردنی ڤێللای سەرگردەكان لەلایەن بەرپرسەكانەوە بۆ بەسەر بردنی شەوە سورەكانە

### بریكاری وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری

## ئێمەش هەستمان بەو دیاردەیە كردووە و لیژنەیەكمان دروست كردووە بۆ لێكۆڵینەوە لەسەری

**ڕاپۆرتی ڤین**



ئەم دیاردەیە گواستنەوەی نەریتێكی دەرەبەگایەتییە بۆ سەدەی بیستویەك

هەر ئەوەندەی چەند مەترێك لە سەنتەری شار دووركەوتیتەوە بەملاولای ڕێگا سەرەكییەكاندا گردۆڵكەی بچووك بچووك دەبینیت كە شورایان بۆ كراوە و ڕازێنراونەتەوە بە سنەوبەر و درەختی هەمەجۆر، هەر یەكێك لەو گردۆڵكانە ڕێگایەكی سەرەكی هەیە كە دەتگەیەنێتە بەردەم ئەو خانووە خنجیلانەی كە لەسەر گردەكان قوت بونەتەوە، كە چەند چەكدار و سەگێكی پاسەوانی دەبینیت لە بەردەم دەروازەی گردۆڵكەكەدا تێدەگەیت كە ئەمانە ماڵی سەفەری ئەو بەرپرسانەیە كە بۆ حەوانەوە و بەسەربردنی كاتێكی خۆش ڕوودەكەنە ئەم جێگایانە.

ئێستا لە دەوروبەری شارەكان ژمارەی ئەو گردانەی كە كراونەتە ڤێلا سەفەرییەكان هەتا دێت زیاتر دەبێت، بەجۆرێك ڕەنگە گردێكی ڕووتەن نەمابێت بەرپرسێكی حزبی پێوە نەبێت هەر لەبەرئەوەشە ئەو گردانە بە " گردی مەسولەكان " دەناسرێت.

(بەهات حەسیب قەرەداخی) دەربارەی ئەم دیاردەیە و ڕەگ و ڕیشەكانی لە كۆمەڵگەی كوردیدا دەڵێت"ئەو دیاردەیە ڕەگ و ڕیشەیەكی مێژوویی هەیە، دروستكردنی كۆشك و تەلار و كێڵگەی تایبەتی كە شورایەكی هەبێت بە دوریاندا و شوێنی بەخێوكردنی مەڕ و ماڵاتی تێدابێت و شوێنی ڕاگرتنی ولاخ و ئەسپ و ماینی تێدا بێت و چیمەن و گوڵ و گوڵزاری تێدا بێت و بڕوانێت بەسەر شوێنەكانی تردا، ئەمە بەشێكە لە كلتوری دەرەبەگایەتی" ئەگەر سەرنجێك بدەیت لە وڵاتی خۆماندا ئەبینین پاشا و ئاغا و كوێخا، دەرەبەگ و شێخ و میرەكان ئەم نەریتەیان هەبووە، بۆئەوەی مەسافەیەك بخەنە نێوان خۆیان و خەڵكی ترەوە، لە جل و بەرگدا لە ژنهێناندا، لە نان خواردندا، تەنانەت لە خانوبەرەشدا بە تەواوەتی ئەوە ڕەنگی داوەتەوە، خەڵكی جوتیار و سەپان و ڕەش و ڕوتیش لە شوێنە نزمەكاندا بوون، بەردەوام ماڵی ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و كوێخا لە شوێنی بەرزە و خەڵكی تریش لە دامێنی دێكەدایە.

لەوكاتەوە هەتا ئەم ساتەوەختەی قسەی




تیا دەکەین ئەم دیاردەیە بەردەوامی هەیە لە نەستی بەشێکی زۆر لەو خەڵکانە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕابەرایەتی بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیان کردووە لەم وڵاتە، بەو مانایەی نەریتی دەرەبەگی و دواکەوتویی لەگەڵ خۆتدا هەڵگری و بێیت لە سەدەی بیست و یەکدا جارێکی دی مومارەسەی بکەیتەوە. و هیچ پێت عەیب نەبێت ژنێك بکەیت بە دوو ژن و بەسێ ژن، تەنانەت کار بگاتە ئەوەی کە یەکێك لە مەسولەکان لە ڕۆژنامەدا بڵێت هیچ بەلامەوە نەنگ نییە بیکەمە چوار ژنیش.

ئەم شوێنی بەرزگرتنەش بەشێکە لەوە و درێژەی ئەوەیە، وە ئەتوارەکانی تریشیان هەر وایە، تەنانەت دیوەخان دروست کردن، بەشێکی زۆر لە بەرپرسە حکومی و سیاسییەکان لە وڵاتی ئێمە و لە وڵاتانی دەوروبەریشمان شوێنی ڕەسمی کارکردنیمان کردۆتە دیوەخان. چایچی تایەبەتیان هەیە، قاوەچی تایبەتیان هەیە. میوان بەبێ مەوعید دەچێت، دائەنیشن قاقا پێدەکەنن.

ئەمە هەمووی ئەخلاقیاتی دەرەبەگایەتییە، لە کۆمەڵگایەکدا کە دامەزراوە دەیبات بەڕێوە ئەم داب و نەریتانە نییە، پەیوەندییەکی ڕەسمی پراگماتیکی ڕاستەوخۆ و عەمەلی هەیە، ئەم کات کوشتنە زۆرە نییە بۆ موجامەلە کردن .

ئەم دیوەخان دروستکردنە بەسەر گردەوە بێت یان لەناو دامەزراوەکاندا یەك شتە. موجامەلەیەکی نا پێویستە لەسەر حسابی بەرژەوەندی خەڵکی ڕەش و ڕووت.

زۆربەی هەرە زۆری سەرمایەدار و بۆرژواکان لە وڵاتی ئێمە یان باوکی دەرەبەگ بووە یان باوکی جوتیار بووە یان باپیری کوێخا بووە، و ڕەگ و ڕیشەیەکی دێهاتی هەیە، ڕەگ و ڕیشەیەکی زۆر دوور نا ، هی (50)ساڵ لەمەوپێش، وە بە بەردەوامی لەگەڵیدا دەژی، ئێستاش بچۆرە زۆربەی زۆری ئەو دیوەخانانە خەڵکانێك دەبینیت بەکلاش لەسەر پێوە و پشتێنێکی شل و هەتا جل و بەرگیشی مەدەنیانە نییە.

(بەهات) وتی "ئەم دیاردانە دیاردەی دزێون لەناو کۆمەڵگادا، کە ئەوەتا بەشێکی زۆر لە خەڵکی وشیار بۆتەوەو تێبینی دەکات، بۆ ئەم ژمارە کەسە کە ئەم ئەخلاقیاتەیان تێدا ماوە بۆیان چۆتە سەر لەبەرئەوەی هێشتا خەڵك ئاستی وشیارییەکەی نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە مافی خۆی بزانێت.

هەقە بەرپرسی حزبی و حکومی و عەسکەری لەم وڵاتەدا نانێك بخوات و دوونان بکات بەخێر کە ئەم میللەتە مافەکانی خۆی نازانێت، ئەگەر میللەتێك مافی خۆی بزانێت قەت لە چەند کەسێك قبوڵناکات ئاوا موهاتەرات بکەن بە سەروەت و سامانی میللەتەوە"

بونیات نانی خانوو لەسەر ئەو گردانە بە مەبەستی نیشتەجێبوون نییە، بەڵکو وەکوماڵێکی سەفەری وایە کە هەرکات بیەوێت ڕووی تێدەکات، نەك بە بەردەوامی لەو شوێنە بمێنێتەوە .

لە (بەهات)مان پرسی بەپرسەکان خانوی سەفەریان بۆ چییە؟ لە وەڵامدا وتی"ئەوە لە ناخیدا دووفاقییەك هەیە، ئەیەوێت هەم خانویەکی هەبێت مەدەنیانە لەناو خەڵك و لەناو شاردا، هەم شتێکیشی هەبێت کە جیای بکاتەوە لە خەڵك وە بتوانێت لە خەڵوەتەکانی خۆیدا بژی و شەوە سورەکانی تێدا بەرێتەسەر، ئیتر شەوە سورەکان دیارە چییە و لەگەڵ کێدا ئەیباتە سەر، ئەوە ڕەنگە لەناو شاردا لەناو گەڕەکێکدا بۆی نەکرێت، چونکە ماڵی تری تێدایە، وە خەڵکی تری تێدایە وە چاوی ڕۆژنامە نووسانی لەسەرە، لەبەرئەوە شەوە سورەکانی بۆ نابرێتەسەر"

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چ نزیکایەتییەك دەبینیت لە نێوان خانووە سەفەریەکانی سەدام و حەزی بەرپرسە کوردەکاندا بۆ دروستکردنی خانوی سەفەری، وتی"دەبێت بزانین

(سەدام)یش درێژکراوەی بەداوەتی عەرەبییە، لەو ڕووەوە لەگەڵ بەرپرسەکانی لای خۆمان هاوتان کە درێژکراوی حاڵەتی دەرەبەگی کوردستانن، لای هەردوولا ئەم حەزە هەیە، سەدام شتێکی زیاتریشی هەبوو لەمە کە وەکو دیکتاتۆرێك لەڕوی ئەمنیەوە ئەم کارەی دەکرد، چونکە بەگومان بوون لە ژن و منداڵی خۆشی، و نەیدەتوانی بڕوای تەواو بە هیچ کەس بکات، لەبەرئەوە لە ڕووی ئەمنییەوە پێویستی بەوەوە هەبوو کە خشتەیەکی هەبێت کە لە یەك کاتدا حەوت شوێن دیاری بکات و نان و خواردنیشی بۆ حازربکرێت وە ڕەنگە بچێتە شوێنی هەشتەم"



ناوی ئەو مەسولانە بڵاوبکەنەوە کە ئەو کارەیان کردووە

ئەگەر وەکو کاك (بەهات) دەڵێت سەدام لەبەر باری ئەمنی خۆیی و ترس لە خەڵك ئەم کارەی دەکرد، بەڵام خۆ بەرپرسەکانی خۆمان ئەم ترسەیان نییە، کەواتە پەلەقاژەی ئەمان بۆچییەلە وەڵامدا بەهات وتی "کورسی و پارە شتێکی زۆر زۆر مەترسیدارە بەتایبەتی ئەگەر بەبێ لێپرسینەوە بکەوێتە دەستت، ئەوکەسە فاسد دەبێت، وە کۆمەڵێك حەز و خولیای تیا دروست دەبێت کە پێی شەرمە لەناو خەڵکدا بیانکات، لەبەرئەوە ناچارە مل بدات بۆ ئارەزووەکانی پێویستی بەوە هەیە خۆی دوور بخاتەوە لەخەڵکی، شوێنی دیکەش هەبێت و بنکەی دیکەشی هەبێت دوور لەچاوی خەڵکی.

حاکم(قادر حەمەجان) سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بێئاگایی خۆی دەربڕی لەو دیاردەیە و بە پڕوپاگەندەی وەسفکرد کە"هەندێکجار ڕۆژنامە نووسان و هاوڵاتیان بڵاوی دەکەنەوە بۆ ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی تێکۆشەرەکان"

بەڵام تەحسین نامیق بریکاری وەزیری کشتوکاڵ وتی"هەست بەو دیاردەیە دەکرێت کە مەسولەکان هەندێك گردیان بۆ خۆیان کڕیبێتەوە کە لە ڕاستیدا کڕینەوەی ئەو گردانە لەلایەن ئەوانەوە کارێکی نایاساییە، چونکە نابێت ڤێلا لەسەر ئەو گردانە دروست بکرێت"

بریکاری وەزیری کشتوکاڵ وتی"دوای ئەوەی بەڕەسمی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئاگادارکراینەوە لەو دیاردەیە لە (2006/3/29) وە عەقدی گۆڕین و فرۆشتنی ئەو زەویانەمان ڕاگرتووە"

(تەحسین نامیق) ئاماژەی بەوەکرد کە "لە چوارچێوەی بڕیاری سەوزکردنی ئەو ناوچانەدا، ئەو زەویانە دراوە بە چەند کەسێك بۆ سەوزکردنی و کردنی بە باخ، بەڵام ئەو کەسە نابێت کارمەندی حکومەت بێت، هەندێك لەو کەسانەی بەم جۆرە زەویان وەرگرتووە دواتر لەلایەن هەندێك بەرپرسەوە زەویەکانیان لێکڕاوە، کە خۆی لە خۆیدا فرۆشتیان کارێکی نایاساییە"

بریکاری وەزیری کشتوکاڵ سنوری شارەوانی بەکرەجۆی بە نموونە هێنایەوە کە بینایەی وەزارەتەکەیانی لێیە و ئاماژەی بەوە کرد لە سنوری شارەوانی بەکرەجۆدا بە زەقی هەست بەم دیاردەیە دەکرێت، بۆیە هەموو مامەڵەیەکی کڕین و فرۆشتنیان لەو سنورەدا ڕاگرتووە.

حاکم (قادر) ئەم دیاردەیەی بە خەتەرناك وەسفکرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە سنوری شارەوانی سلێمانیدا ئەو دیاردەیە نییە و وتی"نەخۆم زەویم داگیرکردووە و نەڕێگەش دەدەم کەس زەوی داگیر بکات لە سنوری شارەوانی سلێمانیدا"

حاکم (قادر) پێشنیاری ئەوەیکرد کە ناوی ئەو بەرپرس و دەزگایانە بڵاوبکرێتەوە کە ئەم کارەیان کردووە.

بریکاری وەزیری کشتوکاڵ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان دروستکردووە بۆ ئەو مەبەستە و لێپێچینەوەی توند دەکەن لەگەڵ هەرکەسێك کە بەسەریدا ساغ ببێتەوە"

ئێمەش پێشنیارەکەی کاك حاکم(قادر) بۆ بڵاوکردنەوەی ناوی ئەو بەرپرس و لایەنانەی ئەوکارەیان کردووە ئەسپێرین بەو لیژنەیە، کە حکومەت بە تایبەتی ڕایسپاردووە بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە و چاوەڕوانی ئەنجامین.